www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11-12-2006 10:59

زمانی کورد و (ئه لفوبێی لاتینی) کوجا مه رحه با ... نالی پێنجوێنی

سویسرا

لە دێر زە مانە وە مرۆڤ خولیای نووسین و خوێندن بووە، تا بتوانێ فە نتازیاو ئە ندێشە و بیروبۆچوونە کانی بە نە مری بهێڵێتە وە و لە تیاچوون بیانپارێزێ. وە ک وتراوە (الحاجه إم الاختراع)، پێویستیی دایکی داهێنانە، سە رە نجام نووسینی کردووە بە و مایکرۆفۆنە ی کە لە ڕێیە وە دە نگی بە مرۆڤە کان بگات، پێنووس بکاتە (تە رجومان) ی دڵ و بیرو هۆش و شارستانێتیی گە ورە بنیات بنێت. چۆن مرۆڤە کان لە ئاخاوتندا کۆمە ڵێ زمانی جیاواز بە کار دە هێنن، لە نووسینیشدا هە ر بە هە مان شێوە کۆمە ڵێ ڕێنووس و ئە لفوبێی جیاواز بە کاردە هێنن. کورد ماوە ی هە زار ساڵە، دە ست وپە نجە ی لە گە ڵ ئە لفوبێی کوردی نە رم کردووە، {ئە لفوبێی گونجێنراوی فارسی – عە رە بی، کە بە ناڕە واو لە بە ر مە بە ستێکی تە ڵە کە بازانە ی سیاسی هە ر بە ئە لفوبێی عە رە بی ناو دە برێت }1. بە ڵام ئە مڕۆ هە ندێ کە س لێرە و لە وێ بە پاڵنە ری ئیدیۆلۆژی و حیزبی و لاسایکردنە وە ی دوژمنانی کورد، بە تایبە ت لاساییکردنە وە ی تورکە شۆفێنییە کە مالیستە کان. بانگە شە بۆ بە کارهێنانی ئە لفوبێی لاتینی دە کە ن. گوایە لە ڕووی فۆنە تیکییە کە یە وە گونجاوترە!. {ئە مڕۆ هە ندێ کە س لە بە ر نە زانی و چاوبە ستراوی بە دڵگە رمییە وە پشتگیری لە بە کارهێنانی ئە لفوبێی لاتینی دە کات. من دڵنیام بە شێکی زۆری ئە مانە لە ڕووی دڵسۆزییە وە و وە ک پە ڕۆشێک بۆ باری نالە باری فە رهە نگ و زمانی کوردی وابیر دە کە نە وە، بە ڵام دڵنیاشم زۆربە یان بە ڕووالّە ت هە ڵخە ڵە تاون و لە گرنگی و ئە ندازە ی ڕاستە قینە ی باسە کە ئاگادار نین. زۆر ڕووناکبیرو نووسە ری گە ورە ی کورد ئێستاش لە بایە خ و ناسکی ئە م باسە نە گە یشتوون }2. گە ر لە و هۆکارو بڕو بیانووانە وردبینە وە کە ئە و جۆرە کە سانە باسی دە کە ن، بۆمان دە ردە کە وێ کە پە تای لاساییکردنە وە و بە گە ورە و جوان سە یرکردنی ڕۆژاوایییە کان، کە هە ندێ بە ناو ڕۆشنبیرو نووسە رو سیاسە تمە داری کورد بانگە شە ی بۆ دە کە ن!، بە رهە می ئە و زە ینە کڵۆڵ و داگیرکراووە یە کە هە ڕە شە ی جدی لە شوناسی کوردبوونمان دە کات. ماموّستا فاروق ڕە فیق زۆر جوان باس لە و گرفت و دە ردانە دە کات کە توشی ئە و جۆرە بە ناو ڕۆشنبیرانە بووە، {شوناسی ئێمە لە هە موو کات زیاتر ئاڵۆزترە و ئە وە ش دە رگای خستۆتە سە ر پشت بۆ کۆمە ڵێک هە وڵی بە دوور لە مە عریفە و فیکر کە هێرش بکە نە ناو دنیاو ڕۆحی ئێمە وە و ئە و شتانە ی بە سە ردا بسە پێنن کە بە مانّی ئێمە بێگانە ن... ئە و کولتوە ی کە تە عبیر لە شوناسی کوردی دە کا کولتورێکە سە ر شۆڕی و ڕە زیل بوون و چۆک دادان پە خش دە کاتە وە کە لە نێو دانّانە کانی ڕۆح و کلتوری هاوچە رخی ئێمە دا دە درە وشێتە وە و باس لە ڕۆحێکی مە ست بوو بە ستە مکاری دە کە ن، عاشق بووی کۆیلە یی عاشق بووی هە موو شتێکی بێگانە و لاسایی کە رە وە و بیر نە کە رە وە و بێز هاتوە وە لە خۆو خۆ بە کە م زانین }3. کە منین ئە و نە تە وە و خاوە ن زمانانە ی کە بە ڕێنووس و ئە لفوبێی جیاجیاو بگرە سە مە رە ش {وە ک نووسە رێکی کورد دە لّێ }4 دە نووسن!. ئە لفوبێی ژاپۆنی و چینیە کان کە دوو وڵاتی پێشکە وتوون، دوو بە رابە ری ئە لفوبێی کوردی گرانترە بۆ کە سێکی ڕۆژاوایی، کە چی ئە وان نە ک بیر لە گۆڕینی ئە لفبێیە کە یان ناکە نە وە بە لّکو شانازیشی پێوە دە کە ن، چونکە ئە وان ئالوودە ی ئە و دە ردانە نە بوون کە ڕۆحی هە ندێ لە ڕۆشنبیرانی کوردی داڕزاندوە.

هە رچە ندە ئە و جۆرە هە وڵانە وە ک داری زڕ وایە، بە ڵام ئە کرێ ئە وە ش بڵێین کە دە سە ڵاتی کوردی، یان چە ند کە سێکی لێپرسراوی دە زگاکانی ڕاگە یاندن، بە تایبە ت کە نالّە ئاسمانیە کان، وە

ک بڵێی کار بۆ ئه وه ده که ن. چونکه جاری واهه یه به ده گمه ن له شاشه کانیانه وه نووسین به ئه لفوبێی کوردی ده بینرێت!. ئه کرێ بڵێین هه ندێ له لایه نگرانی ئه لفوبێی لاتینی، به هۆی درشت بینییه وه مه ترسیه کانی ئه و جۆره کاره نه بینن، به لام بابزانین زمانزانی گه وره ماموستا فه رهاد شاکه لی له و باره وه چی ده لێ، {دیارده ی له یه ک دابڕانی کورد، یه که م جار، دوای دابه شبوونی کوردستان ده ستی پێ کرد. به لام دابڕانی دووه م، که خه ته ر ناکترو قوولتر بوو، دوای پە یدابوون و ته شه نه کردنی ئه لفوبێی لاتینی ڕووی دا}5. دوژمنانی کورد و داگیرکه ران هه ولیان داوه پێش دابه شکردنی خاکمان، زمانه که مان دابه ش بکه ن و ڕۆڵه کانی به فه رهه نگ و ئه ده ب و شارستانییه تی کورد نامۆ دابڕاو بکه ن، ئه وه ش له ڕێی داهێنانی ئه لفبێی لاتینییه وه. هه زار ڕه حمه ت له گۆڕی ماموستا عه لائه دینی سه جادی جوان ئه فه رموێ، {ئه گه ر قه ومێکت بێ به ش کرد له و ئه ده ب وعیلمانه ی که له باو باپیریه وه بۆی ماوه ته وه و ناهومێدت کرد له په ڕه وی کردنی عه نعه ناتی قه ومی و ئه ده بی خۆی، ئه وه هیچت له گه ڵ نه کردوه ته نیا ئه وه نه بێ که مه هارت کردوه و ڕایئه کێشی بۆ لای دیلیه تی هۆشو فیکر که ئه مه گه لێ خراپتره له دیلیه تی سیاسی، چونکه نه خۆش که وتن و به سوخره گرتنی له ش دورنیه به داو ده رمان چاک ببێته وه، به لام هی فیکرو هۆش مردنێکه بۆ ئه و قه ومه که هیچ پزیشکێک ناتوانێ ده رمانی بکا}6.

ئه توانم بڵێم حاڵی کورد زمانانی باکوور ی کوردستان و ئه و دابڕان و دوور که وتنه وه یان له زمان و فه رهه نگ و ئه ده ب و مێژووی کورد، به هۆی به کارهێنانی ئه لفوبێی لاتینی و سیاسه تی که مالیزمه وه باشترین به ڵگه یه بۆ ئه وقسانه ی سه ره وه، به داخه وه له م شارو ئه و شار ی کوردستان هه ندێ که س کۆڕو کۆبوونه وه سازده که ن و داوای به کارهێنانی ئه لفوبێی لاتینی ده که ن!. { ڕووناکبیرانی کوردستانی تورکیا باسی خراپه و مه ترسی سیاسه ت و ئیدیۆلۆگیی که مالیزم ده که ن، به لام له وه نه گه یشتوون که دڵسۆزترین شاگردو قوتابیی که مالیزم و دڵگه رمترین بره وپێده ری که مالیزم خۆیانن }7. له چه ند ساڵی ڕابردوودا ده سه لاتی کوردی، زۆر خوێنساردانه مامه ڵه ی له گه ڵ ئه وجۆره هه ولانه بۆ شێواندنی زمانی کوردی کردووه، ئه توانم بڵێم خۆی به شێک بووه له بره و پێدانی ئه و جۆره هه ولانه. جێی خۆیه تی لێره دا وته یه کی به ڕێز م، ف، شاکه لی له و باره وه به گوێی ده سه لاتدارانی کوردستاندا بده مه وه که ده لێ، { هه ر بڕیارو هه ر گۆڕانێک که بیه وێ ئه لفوبێی لاتینی به سه ر زمانی کوردیدا بسه پێنێ دوژمنایه تیکردنێکی ئاشکرای یه کێتیی کورد و فه رهه نگ و زمانه که یه تی و زۆر به ڕاشکاویش ده یڵێم خیانه تێکه به رانبه ر کورد }8. له کۆتاییدا ده مه وێ به و که سانه بڵێم که به عه قڵیه تێکی حیزبی و ته ئاموری بۆ هه نگاوه کانی به رامبه ریان ده ڕوانن و ناتوانن مه سئه له زمانه وانی و ڕۆشبیرییه کان له ململانێ و مونافه سه ی بێتامی حیزبایه تی قوتاربکه ن. که به هۆی ئه و بابه ته ی پشوومه وه، به ناوی (زمانی ستانداردی کورد زامنی یه کبوونی کورده) کۆمه ڵێ قسه و قسه ڵۆکیان له ماڵپه ڕه کانه وه بڵاوکرده وه، گوایه ئێمه مانان که پشتگری زمانێکی ستانداردی کورد ده که ین، که سی پسپۆڕی بواری زمانه وانی و زمانزان نین. هیچ کات به نده ئه و ئیدیعایه ی نه کردووه و خۆشم به کوڕی ئه و بواره نازانم، به لام ده کرێ بڵێم ئه م چه ند دێڕه کۆمه ڵه (نانانا) یه کن به ڕووی ئه وانه ی که به هۆی لاساییکردنه وه و مه رامی سیاسی و ئایدیۆلۆژی به ڕۆژی ڕۆشنا ئه یانه وێ زمانه که مان بشێوێنن. جگه له وه ش ئه م هه وڵانه م هاواریێکه بۆ به ڕێزان (زمانناس و دڵسۆزانی زمانی کوردو ده سه لاتی کوردی) که به فریای زمانه که مان بکه ون، تا نه هێڵن به پیلانی دوژمنان و به ده ستی دۆستی نه زان له وه زیاتر بشێوێنرێ.

تێبینییه کان:

1- م، ف، شاکە لی ل128، پرسیارە کان هێشتا تینووی وە رامن.
2- = = = ل 127، هە مان سە رچاوە ی پێشوو.
3- م، فاروق ڕە فیق ل44، 47، ماڵێکی لێکترزاو و ویژدانێکی بیمار.
4- بە دران ئە حمە د حە بیب، ل 208، گۆڤاری ڕامان، ژماە 114، لە 5-11- 2006.
5- م، ف، شاکە لی ل126، پرسیارە کان هێشتا تینووی وە رامن.
6- م. عە لادین سە جادی، ل71، مێژوی ئە دە بی کوردی.
7- م، ف، شاکە لی ل130، پرسیارە کان هێشتا تینووی وە رامن.
8- = = = ل128، 129 هە مان سە رچاوە ی پێشوو.

nalipenjweni@hotmail. com